# لە نووسینەوەو مانای مێژوودا

**کارل پۆپەر**
**لە عەرەبییەوە: سامان حسێن ئەحمەد**

بەبێ وەرگرتنی هەڵوێستێکی دیاریکراو لە کێشە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەو سیاسەت و نەریتەکان، نووسینەوەی مێژوو ناکرێت.

وەرگرتنی ئەم هەڵوێستەش بۆ خۆی توخمێکی کەسی (شخصی) بەهێز لە خۆ دەگرێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ناوەڕۆکی کاری مێژوویی سەرلە بەری بریتییە لە (گۆشە نیگا)، ئەوەی مێژوونووس دەینووسێت پێویستە بابەتیانە بێتو هەرکاتێك بۆچوونێکی کەسی لە مەڕ کێشە سیاسیی و ئەخلاقییەکان سەربار کرد ڕوونی بکاتەوە، چونکە ڕاو پێشنیارەکانی دەربارەی ڕووداوە مێژووییەکان هەمان سروشتی روئیاکانی نییە. هەرچەندە هەڵبژاردنی ئەو ڕووداوانەی مێژوونووس لێکۆڵینەوەیان لە سەر دەکات بە بەردەوامیی و تا ڕادەیەکی زۆر خۆی لە خۆیدا دەستنیشانکردنێکی کەسییە، بەڵام ئەم دەستنیشاکردنە کەسییە بە ڕادەیەکی زۆر لە پرۆسەی وێناکردنی سروشتی حاڵەتەکەدایەو دوای دەستنیشانکردنی بابەتەکە.

دەستنیشانکردنی کەسی لە هەندێ لایەنەوە رادەکەی جیاوازە، چونکە زانستیی سروشتیش پرۆسەی کۆکردنەوەی ڕووداوەکان نییە، بەڵکو لای کەمی کۆکردنەوەی ڕووداوەکان، هەڵبژاردنی کەوتۆتە سەر شوێن بایەخی ئەو کەسەی کۆیان دەکاتەوەو سەر گۆشە نیگایەکی دیاریکراو.

لە زانستییشدا وا باوە کە بیردۆزە زانستییەکە ئەم گۆشەنیگایە دەستنیشان دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێمە لە نێو ئەو ژمارە بێ کۆتاییە لە ڕووداو و ڕووی ڕووداو تەنیا ئەوانە هەڵدەبژێرین کە بە لای خۆمانەوە گرنگن و بە شێوەیەکی پێشوەخت کەم تا زۆر




پەیوەستە بە بیردۆزەیەکی زانستیی دیاریکراوەوە، بۆیە دوای بیرکردنەوەیەکی لە مجۆرەی باسم کرد یەکێك لە قوتابخانەی بیردۆزە زانستییەکان گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە زانست بەردەوام لە بازنەیەکدا جوڵە دەکات و ئێمە بە بەردەوامیی لە کلك بزواندن پتر هیچ ناکەین، هەروەك ئیدنگون گوتویەتی[1]، چونکە ناتوانین لە زانیاریمانەوە ڕووداو دەربهێنین، تەنیا ئەوانە نەبێت کە خۆمان لە شێوەی بیردۆزەدا دامان ناون. ئەمە بیانوییەکی بەهێز نییە. ڕاستە بە شێوەیەکی گشتی ئێمە تەنیا ئەو ڕووداوانە

هەڵدەبژێرین کە پێشوەخت پەیوەندییان بە بیردۆزەیەکی دیاریکراوەوە هەیە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، تەنها ئەو ڕووداوانە هەڵدەبژێرین کە پشتگیریی بیردۆزەکە دەکەن یان وەك دووبارەکردنەوەیەکی بیردۆزەکە وان.

میتۆدی زانست ئەوەیە مرۆڤ لە و ڕووداوانە دەکۆڵێتەوە کە توانای پشتڕاستکردنەوەی بیردۆزەیەکیان هەیە، ئەمە پێی دەگوترێت هەڵبژاردنی بیردۆزە، ئیدی لە وە دەکۆڵێتەوە ئایا بیردۆزەکە هەڵەی تێدا نییە، بە گریمانەکردنی ئەوەی ڕووداوەکان بەپێی بیردۆزەکە هەڵبژێردراون و پشتگیریی بیردۆزەکە دەکەن، هەرکاتێکیش بیردۆزەکە بەرەنگاری هەوڵەکانی پشتڕاستکردنەوەو تاقیکردنەوەی خۆی بووەوە، ئەو کات لە وە پتر دەبێت تەنیا دووبارەکردنەوەیەکی بەتاڵی ئەو بۆچوونە بێت کە پێشوەخت بڕیاری لێدراوە.

ڕووداوەکان ئەوکاتە پشتگیریی لە بیردۆزەکە دەکەن کە بەرەنجامی هەوڵگەلی سەرنەکەوتوانە بن و نادروستی پێشبینییەکانی دەرکەوێت، ئەوکاتە بەڵگەکانی تانەدان لە بیردۆزەکە، لە بەرژەوەندیی بیردۆزەکەدا دەبن.

کەواتە بەتێڕووانینی من توانای پشتڕاستکردنەوەی بیردۆزەکەو بەدرۆخستنەوەی، ئەوە دیاریدەکەن ئایا بیردۆزەکە زانستییە یان نا، ئەو گووتەیەی دەڵێت هەموو ئەو تاقیکردنەوانەی ڕووبەڕووی بیردۆزەکە دەبنەوە، ئەوانە هەوڵی پشتڕاستکردنەوەی بیردۆزەکەن، ئەمە کلیلی میتۆدی زانستییە. مێژووی زانست بەمجۆرە پشتگیریی لە تێگەیشتنی میتۆدی زانستیی دەکات، مێژووی زانستەکان بۆمان دەردەخات کە بیردۆزە زانستییەکان لە ڕووی ئەزموونەوە ڕەتدەکرێنەوەو ڕەتکردنەوەی بیردۆزەکانیش هۆکاری پێشکەوتنی زانستییە، کەواتە ناتوانین پێداگری لە بازنەیی زانست بکەین.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تێڕووانینە دەوەستێتە سەر کرۆکی ڕاستی، کە ڕاستە گەر بگوترێت دیراسەکردنی زانستییانەی ڕووداوە هەڵبژێردراوەکان بەرادەیەکی زۆرو بەبەردەوامیی پشت بەبیردۆزەکان دەبەستێت دەتوانرێت ئەم هەڵوێستە بەڕێگایەکی باش ڕوونبکرێتەوە، بەبەراوردکردنی بە تیشکی چرای ئۆتۆمبیل کە پێی دەگوترێت بیردۆزەی تیشکی زانستی لە بەرانبەر بیردۆزەی لە خۆگری هۆشیاری (الوعاو الوعی).

ئەو شتەی بە ڕوونی تیشکی دەکەوێتە سەر کەوتۆتە سەر شوێنەکەی بەرانبەر تیشکەکەو چۆنییەتیی بینینمان بۆی، هەروەها پشت بە چڕی و ڕەنگ و شتی تر دەبەستێت، ئەوهاش بیردۆزەی زانستی بەڕادەیەکی زۆر پشت بەتێڕووانین و بایەخی ئێمە دەبەستێت. ئەو بایەخ و تێڕووانینانەش پەیوەندییان بەو بیردۆزە یان گریمانەیەوە هەیە، کە ئێمە دەمانەوێت هەڵیبژێرین، بەڵام بیردۆزەی زانستی هەروەها پەیوەندی بەو ڕووداوانەوە هەیە دیراسە دەکرێت. دەکرێت وەك جیاکردنەوە، بیردۆزەکە یان گریمانەکان بە تێڕووانین یان ڕایەکی خەمڵیو دابنرێت، لە و مەودایەش کە تێیدا هەوڵی دارشتنی بۆچوونەکانمان داوە شتێکمان دەبێت کە بەگریمانەی کار دەچێت، واتە گریمانەیەکی دیاریکراو کە بۆ هەڵبژاردن و ڕێکخستنی ڕووداوەکان یارمەتیمان دەدات، بەڵام پێویستە بۆمان ڕوون بێت کەناکرێت بیردۆزە یان (گریمانە) هەبێت گەر گریمانەی کاری نەبێت یان بەردەوام بەگریمانەی کار نەمێنێتەوە. چونکە بیردۆزەی کۆتایی بوونی نییە، بەڵام هەر بیردۆزەیەك لە هەڵبژاردن و ڕێکخستنی ڕووداوەکان یارمەتیمان دەدات. ئەم سروشتی هەڵبژاردەییەی دیراسەکردنیش وای لێدەکات – بەمانایەکی دیاریکراو – دیراسەکردنێکی ڕێژەیی بێت، ڕێژەیی بەومانایەی کە ئێمە دیراسەکردنێکی جیاوازمان دەبوو گەر تێڕووانینێکی جیاوازمان ببوایە، هەروەها دەکرێت ئەم سروشتی هەڵبژاردەییەی دیراسەکردن کار لە باوەڕمان بکات لە پێناو خزمەتکردن بە دیراسەکە بێ ئەوەی کار لە کێشەی ڕاستی یان ناڕاستی دیراسەکە بکات، بەم مانایەش ئەوا ((ڕاستی)) ڕێژەیی نییە.

سروشتی هەڵبژاردەیی تەواوی ئەو دیراسانەی پێشکەشیان دەکەین لە دەوڵەمەندی بێ کۆتایی و ئیمکانی فرە لایەنبوونی ئەو ڕووداوانەی لە دونیای ئێمەدا هەیە خۆی دەنوێنێ. بۆ دیراسەکردنی ئەم بڕە بێ کۆتاییەش جگە لە ژمارەیەك وشەی بەکۆتایی هیچمان لە بەردەمدا نییە، ئەوسا توانای دیراسەکردنمان دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەوە ویستی بەردەوامیی ئێمەیەو دیراسەکەشمان بەبەردەوامیی دیراسەکردنی ناتەواو دەبێت و تەنیا دەبێت بەپرۆسەی هەڵبژاردنی ڕووداوگەلێك کە بۆ دیراسەکردن یارمەتیدەرمان دەبن.

بۆیە نەك تەنیا خۆبواردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن لە ڕووانگەی گۆشەنیگایەکی دیاریکراوەوە دەچێتە خانەی مەحاڵەوە، بەڵکو پێویستە تەنانەت هەوڵی ئەم خۆبواردنەش نەدەین، چونکە گەر لە مەدا سەرکەوتوو بووین ئەوا ئەوەی پێشکەشی دەکەین دیراسەیەکی بابەتیانە نابێت، بەڵکو تەنیا کۆمەڵێك دەستەواژەی پێکەوە نەبەستراو دەبێت، کەواتە پێشکەشکردنی گۆشەنیگایەکی دیاریکراو مەسەلە یەکە خۆلێبواردنی ناکرێت، لە م هەوڵی خۆبواردنەش جگە لە وەی مرۆڤ خۆی دەخەڵەتێنێت و دەبێتە خاوەن

تێڕووانینێکی نارەخنەیی و ناهۆشیارانە چی تر بەرهەم نایەت.

ئەمانە هەمووی بە شێوەیەکی تایبەت بەسەر دیراسەکردنی مێژووییدا بەو ((رایەڵە بێ کۆتاییەوە کە هەیەتی)) راست دەردەچێت. وەك شۆبنهاور دەڵێت: مەحاڵە لە مێژوو و لە زانستەکانی تریشدا خۆبواردن — لە گۆشەنیگا. گریمانەکردنی پێچەوانەش بەوەی کە دەکرێت بەبێ گۆشەنیگایەکی تایبەت کاربکەین تەنیا دەبێتە مایەی خۆ لە خشتە بردن و کەمبایەخدان بە رەخنە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەئێمە سەرپشکین لە بەدرۆخستنەوەی ئەوەی دەمانەوێت، یان گرنگی بە مەسەلە ی راستی نەدەین، هەموو دیراسەیەکی مێژوویی رووداوەکانی یان راستن یان ناراست لەگەڵ ئەوەشدا کە بەبەردەوامیی گەیشتن بەدیاریکردنی راستی و ناراستی ئەو دیراسەیە ئاسان نییە.

بەم رادەیە مێژوو و زانستە سروشتییەکان —وەك فیزیا بۆ نمونە کۆکن —، بەڵام گەر بەراوردێك بکەین لە نێوان ئەو رۆڵەی کە گۆشەنیگا لە مێژوو دەیگۆڕێت و ئەو رۆڵەی کە لە فیزیادا دەیگێڕێت، جیاوازی بەدی دەکەین. وەك بینیمان لە فیزیادا ئاسایی گۆشەنیگا شێوەی بیردۆزەیەکی فیزیکی وەردەگرێت، کە بواری هەڵبژاردنی خۆی دەدات لە ڕێی لێکۆڵینەوە لە رووداوگەلی نوێ، کەچی لە مێژوو پەیوەندییەکان بەم ئاسانییە نابێت.

ئێستا با بەشێوەیەکی وردتر لە و رۆڵەی کە بیردۆزەکانی یەکێك لە زانستە سروشتییەکان با فیزیا بێت، بۆ نمونە دەیگێڕێت رابمێنیت. لێرەدا دەبینین کەئەم بیردۆزانە ئەرکگەلی جۆراوجۆر بەجێ دەگەیەنن، بەڵام بەجۆرێك بەیەکەوە بەستراون کە یارمەتیمان دەدەن بۆ یەکخستنی زانست —واتا بکرێت بەیەك یەکە— و بۆ لێکدانەوەی رووداوەکان و دواتریش پێشبینیکردن بەهۆیانەوە یارمەتیمان دەدات.

رێ بەخۆم دەدەم سەبارەت بەکێشەی لێکدانەوەو پێشبینیی ئەم برگەیە لە یەکێك لە کتێبەکانم وەربگرم: ((لێکدانەوەی رووداوێکی دیاریکراو، لێکدانەوەیەکی زانستییانە، واتە دەستەواژەیەك روداوەکە وەسف دەکات، بە هەڵهێنجان لە یاساو مەرجگەلێکی پەراوێزخراوی دادەرێژرێت. ئەگەر بڵێین ئەو رایەڵە بە هەڵگرتنی 1 کیلۆگرام دەپسێت و پارچە رایەڵەکە لە بەر ئەوەی 2 کیلۆگرامی هەڵگرت پسا، بەمجۆرە رووداوی پسانی رایەڵەکەمان بە لێکدانەوەیەکی (هۆکاری) (علە ) لێکداوەتەوە، ئەم لێکدانەوەیەش دوو بەش لەخۆ دەگرێت:

1.گریمان گریمانەیەکمان هەیە مۆرکی یاسا سروشتییەکانی هەیە، وەك ئەوەی دەڵێت ئەگەر رایەڵەکە کەمترین رادەی قورسایی هەڵگرێت دەپسێت.

2.با ئەو دەستەواژانە وەربگرین کە یەکلایین و پەیوەندییان بەو رووداوەوە هەیە کە ئێستا هەڵمانبژارد وەك ئەوەی دەڵێت (ئەو کەمترین رادەیەی کە رایەڵەکە دەتوانێت هەڵیبگرێت 1 کیلۆگرامە) و ئەوەی دەڵێت (ئەو قورساییەی ئەم رایەڵە هەڵیگرتووە 2 کیلۆگرامە) لە کێشە گشتییەکاندا و مەرجە پەراوێزەکانەوە دەتوانین ئەوە دەرخەین، ئەو رایەڵە دەپسێت بەم دەرکەوتەیەش دەگوترێت (پێشبینیی، تنبۆ، Prognos) واش باوە ناوی مەرجە پەراوێزییەکان یان وردتر بڵێین ئەو هەڵوێستەی ئەو مەرجانە دیراسەی دەکەن بنێین (هۆ) (علە )ی رووداوەکانی جێی باسن و ناو لە و رووداوانەی کە لە رێی پێشبینییەوە دیراسە دەکرێن بنێین (مەعلول).

بۆ نموونە دەڵێین بارکردنی قورساییەك کێشەکەی 2 کیلۆگرام بێت لە رایەڵێك کە توانای هەڵگرتنی تەنیا 1 کیلۆ گرام بێت هۆی پسانی رایەڵەکە دەبێت. لە م شیکردنەوەی لێکدانەوە هۆکارییەشەوە زۆر شتی جۆراوجۆرمان بۆ روون‌دەبێتەوە، یەکەم (ناتوانین بەشێوەیەکی رەها قسە لە سەر علە و مەعلول بکەین، چونکە رووداو دەبێتە هۆی رووداوی ترو تەنیا بە پشتبەستن بەیاسا گشتییەکان دەبێتە مەعلولە کەی، بەشێوەیەکی گشتی ئەم یاسا گشتییانە هێندە ئاسانن بەجۆرێك کە لە بەر ئاسانی قبوڵیان دەکەین، لە بری ئەوەی بەهۆشیارییەوە بەکاریان بهێنین.

دووەم: بینیمان کە بەکارهێنانی بیردۆزەیەکی دیاریکراو بەمەبەستی پێشبینیی کردن لە رووداوێکی دیاریکراو لایەنێکە جیاوازە لە و لایەنەی کە بیردۆزەکە تێیدا بەمەبەستی لێکدانەوەی هەمان رووداو بەکاردێت، لە بەر ئەوەی ئەو بیردۆزەیە تاقیدەکەینەوە کە تێیدا ئەو رووداوانە بەراورد دەکەین کە بەو رووداوانەی بەکردەوە تێیان راماوین پێشبینیی کراون، ئەوا شیکردنەوەکەمان لە پاڵ ئەوەشەوە چۆنییەتیی تاقیکردنەوەی بیردۆزەکانیشمان بۆ دەردەخات و کاتێك کە بیردۆزەیەکی دیاریکراو و بەمەبەستی پێشبینیی کردنی یان لێکدانەوە یان بەدواداچوون بەکاردێنین، ئەوا پشت بە بایەخمان و ئەو دەستەواژە و کێشانە دەبەستێت کە بەشێوەیەکی پێشوەخت وەك پێدراو وەری دەگرێت.

زۆرجار ئێمە لە و حاڵەتەی کە بەزانستە تیۆری یان گشتێندراوەکان دەناسرێن (وەك فیزیاو بایالۆجی و کۆمەڵناسی) گرنگی بەیاساو گریمانە گشتییەکان دەدەیت. دەمانەوێت ئەوە بزانین ئایا دروستن و لە بەر ئەوەی کە

هەرگیز ناتوانین بە شێوەیەکی یەکلایی لە دروستییەکەی دڵنیابین، بۆیە میتۆدی تەریکخستنی گریمانە نادروستەکان بەکاردێنین، بایەخدانمان بە رووداوە تایبەتەکان وەك ئەو ئەزموونانەی کە لە ڕێی پێشبینیی و مەرجە بەراییەکانەوە دیراسە دەکرێن تا ڕادەیەك بایەخێکی سنوردارەو تەنها وەك ئەوە بایەخی پێ دەدەین کە ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە چەند مەبەستێکی دیاریکراو، ئامرازێك کە لە ڕێیەوە دەتوانین یاسا گشتییەکان هەڵبژێرین و ئەمیش لە لای خۆیەوە، خۆی لە خۆیدا بایەخ ورووژێنەرە، هەروەها بەئامرازی ڕێکخستنی زانیاری دادەنرێت.

کەچی لە حاڵەتی زانستە جێبەجێکارییەکاندا (علوم تطبیقیة) بایەخدانمان بەلای شتێکی تردا دەچێت، ئەو ئەندازیارەی زانستی فیزیا بۆ بیناکردنی پردێك بەکار دێنێت، بەشێوەیەکی بنەڕەتی بایەخ بە پێشبینیی دەدات، بەوەی ئەگەر پردەکە لە جۆرێکی دیاریکراو بوو، ئایا دەتوانێت قورساییەکی دیاریکراو هەڵبگرێت یان نا؟ یاسا گشتییەکان لێرەدا بۆ ئەندازیار ئامرازێکە بۆ مەبەست و وەك پێدراو وەردەگیرێت.

هەروەها زانستە جێبەجێکارییەکان و زانستە پەتییەکان (الخالصە) بایەخ دەدەن بە بەدواداچوونی گریمانە گشتییەکان و پێشبینیکردن لە ڕێی رووداوە تایبەتییەکانەوە، بەڵام بوارێکی تری بایەخدانیان هەیە ئەویش بایەخدانە بەلێکدانەوەی رووداوێکی دیاریکراو. ئەگەر ویستمان رووداوێك لێکبدەینەوە، وەك رووداوی تێپەڕین (عبور) بۆ نموونە، ئەوا ئاسایی کۆمەڵێك یاسای گشتی سادە بەزمنی گریمانە دەکەین (وەك ئەوەی بۆ نموونە گوتەی دەکرێت یەکێك لە ژێر فشارێکی دیاریکراودا بشکێت و بەمجۆرە...) هەروەها زۆرجار بایەخ دەدەین بەو مەرجە بەرایی یان هۆکارانەی کەدەتوانن بەهاوکاری لەگەڵ ئەم یاسا سادانەدا رووداوی شوێن پرسیار روون بکەنەوە. لێرەدا ئاسایی کۆمەڵێك مەرجی بەرایی گریمانە دەکەین، ئەوکات هەوڵی دۆزینەوەی بەڵگەی پتر دەدەین تا بتوانین ئەوە دەستنیشان بکەین ئایا ئەم مەرجە بەراییە گریمانە کراوانە دەشێن یان نا؟ واتا بەتاقیکردنەوەی ئەم گریمانە تایبەتانە دەتوانین پێشبینیی نوێی لێ دابرێژین (بە هاوکاریی یاساگەلێکی گشتی سادەی تر کە باون) و بواری بەراوردکردنی خۆی بە رووداوە تێرامانراوەکان دەدات.

لە پێناو ئەم یاسا گشتییە بەکار هاتوانە، لە مجۆرە لێکدانەوەیەدا پێویستمان بەبیرکردنەوەی وردە لە حاڵەتە زۆر دەگمەنەکاندا. تەنیا ئەو کاتەش ئەمە ئەنجام دەدەین کە رووداوی لە شێوەی نوێ و دەگمەنمان بەرچاو بکەوێت، وەك پەرچەکرداری کارەبایی چاوەڕوان نەکراو بۆ نموونە، کە رووداوێکی وەك ئەمە بووە هۆی دانان و تاقیکردنەوەی گریمانەی نوێ، ئەوا ئەمە تایبەت لە تێڕووانینی زانستی گشتێندراوەوە — شتێکی زۆر بایەخدارە، بەڵام هەرکاتێك بایەخمان لە سەر رووداوی تایبەت و لێکدانەوەیان بوو، ئەوا هەمووان دەست بۆ یاسا گشتییە زۆرەکان دەبەین کە وەك پێدراوە پێویستمان پێ دەبێت.

دەتوانین بەو زانستانەی کە بایەخدانیان پابەندە بە رووداوی تایبەت و راڤەکردنیان بڵێین زانستە مێژووییەکان، ئەمەش لە بەرانبەر زانستە گشتێندراوەکاندا.

ئەم تێگەیشتنەمان بۆ مێژوو ئەوە روون دەکاتەوە کە لە بەرچی زۆرینەی مێژوونووسان گرنگی بە رووداوی دیاریکراو دەدەن، نەك بەوەی پێی دەگووترێت (یاسا مێژووییەکان) ئەمەش چونکە بەپێی ئەم تێگەیشتنەمان یاسای مێژوویی ناکرێت هەبێت، چونکە یاساکان یان گشتێندراوەکان سەر بەبوارێکی تری بایەخدانن کە روونە ئەو بوارەجیاوازە لە بایەخدان بە رووداوی تایبەت و راڤەکردنی زانستیانەیان، کەئەمە مێژووی پێ جیا دەکرێتەوە. هەر کەسێك گرنگی بە یاسا بدات پێویستە گرنگی بە یاسا گشتێندراوەکانیش بدات (وەك کۆمەڵناسی بۆ نموونە). ئەم باسەی کردمان ئەوە روون دەکاتەوە کە لە بەرچی زۆرجار مێژوو بە کۆمەڵێك رووداوی رابردوو دادەنرێت — کە بە کردەوەش وایە — تەنانەت ئەگەرچی دواتریش لەگەڵ ئەم وەسفکردنەی مێژوودا ناکۆکیش بین، تا ئێستاش ئەم وەسفە بە رادەیەکی باش بایەخدانی توێژەرانی زانستی مێژوو لە بەرانبەر سەرقاڵانی بواری زانستە گشتێندراوەکاندا جیادەکاتەوە. ئەم تێگەیشتنەمان بۆ مێژوو هەروەها ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، لە بەر چی پتر لە بواری مێژوو ڕێکەوتی کێشەی (بابەتی بێ کۆتایی) دەکەین لە چاو زانستە گشتێندراوەکاندا؟ ئەمەش لە بەر ئەوەی بیردۆزەکان یان یاسا گشتییەکان لە زانستە گشتێندراوەکاندا یەکێتی و گۆشەنیگا دەسەپێنن و بۆ هەر زانستییێکی گشتێندراو چەقی بایەخدان و هێڵی ناوەندی توێژینەوەو پێکهاتەی لۆجیکی وێناکردن دەخوڵقێنێ، بەڵام لە مێژوودا ئەم بیردۆزە یەکگرتووانە بوونی نییە: یاسا گشتییە سادەکان لەپڕ نەهاتوون و ئەوانی بەکاریان دێنین بەزمنی دیراسەیان دەکەین، کە توانای ورووژاندنی هیچ بایەخدانێکی نییە لە لای مێژوونووس و نە بە هیچ جۆرێك لە کۆکردنەوەی کەرەستەکەی یارمەتی بدات — بۆیە ئەگەر بۆ نموونە یەکەم دابەشبوونی پۆڵەندای ساڵی 1772 بەوە لێکبدەینەوە کە پۆڵەندا لە توانایدا نەبوو بەرووی هێزی یەکگرتووی روسیاو پروسیاو نەمسادا بووەستێتەوە، لە م حاڵەتەدا ئێمە بەزمنی هەندێك یاسای گشتی سادەمان

قبووڵە، وەك ئەو یاسایەی دەڵێت (ئەگەر دوو سوپای خاوەن سەرکردایەتی باش و چەکسازی باش و ژمارەی سەرباز ڕێککەوتن، ئەوا سوپای دووەم هەرگیز ناتوانێت سەرکەوێت) دەتوانین ئەم یاسایە بە (یاسای سۆسیۆلۆجیای سەربازی) ناو بنێین، بەڵام لە بێبایەخیدا هیچ کێشەیەکی گرنگ بۆ زانایانی بواری کۆمەڵناسی دروست ناکات و نایانورووژێنێت. هەروەها گەر بڕیاری پەڕینەوەی قەیسەر لە ڕووباری ڕۆبیکۆن Rubikon 2، بگێڕینەوە بۆ تەماحکاری و بەتواناییەکەی، ئەوا بەمجۆرە هەندێك گشتێندراوی دەروونی زۆر سادە بەکاردێنین کە پێناچێت زانایانی بواری دەروونناسی بورووژێنێت، (ئەوەی زۆربەی لێکدانەوە مێژووییەکان بەزمنی گریمانەی دەکەن لە ڕاستیدا یاساگەلێکی دەروونی و کۆمەڵایەتیی زۆر سادە نین، بەڵکو لۆجیکی هەڵوێستەکەن کە لە بابەتێکی تردا بەدرێژی لە سەریم نووسیوە. مەبەستم ئەوەیە ئەم لێکدانەوانە بەزمنی گریمانە دەکرێن – بەچاوپۆشیکردن لە مەرجە بەراییەکان وەك بایەخدان و ئامانجە کەسییەکان و فاکتەرەکانی هەڵوێستی ترو ئەو فاکتەرانەی تایبەتن بەتاکی شوێن بایەخ وەك شێوەیەك لە شێوەکانی یەکەم نزیکبوونەوە–و یاسا گشتییە سادەکان کە مەبەستیان ئەوەیە تاك سروشتی هۆشمەندەو ئاسایی بەشێوەیەکی هۆشمەندانەو بەمەبەست هەڵسوکەوت دەکات. کەواتە یاسا مێژووییەکان –ئەوانەی لێکدانەوەی مێژوویی بەکاریان دێنن– پرەنسیبی هەڵبژاردن و ڕێکخستنیان نییە، هەروەها گۆشەنیگایەکمان بۆ مێژوو پێنادەن، بەڵام بەواتایەکی زۆر بەرتەسك دەکرێت تەنیا کاتێك گۆشەنیگا هەبێت گەر تێگەیشتنی مێژووییمان بەوە سنووردار کرد کە مێژوو (شتێکی دیاریکراوە) وەك مێژووی سیاسەتی هێزو مێژووی پەیوەندییە ئابوورییەکان و مێژووی تەکنەلۆجیاو مێژووی بیرکاری، دەکرێت ئەمانە نموونەی ئەمە بن، بەڵام پێویستی بە بنەماگەلی تری هەڵبژاردن یان گۆشەنیگا گەلێك هەیە کە بواری هەمیشە بایەخدانی پێکبهێنن.

هەندێکیان بیرۆکەگەلێکی پێشتر دیاریکراو پێشکەشمانی دەکات، بیرۆکەیەکن بەگۆشەنیگای دیاریکراوی یاسا گشتییەکان دەچن، وەك ئەو بیرۆکەیەی کەگرنگی مێژوو لە کەسایەتی پیاوی مەزن یان کەسایەتی نەتەوەیی یان لە هەندێك پرەنسیپی ئەخلاقی یان مەرجی ئابووری دەبینێتەوە.

ئێستا گرنگە لامان ڕوون بێت کە زۆربەی بیردۆزە مێژووییەکانی (کە ڕەنگە بەنیمچە بیردۆزە ناوزەدی بکەین باشتربێت) جیاوازییەکی گەورەیان لەگەڵ بیردۆزە زانستییەکاندا هەیە، ئەمە لە بەر ئەوەی ڕووداوەکانی مێژوو (بەمێژووی سروشتی مێژووییشەوە وەك جیۆلۆجیای مێژوویی) کە لەبەر دەستماندان، زۆر جار سنوردارە و بواری دووبارەکردنەوە یان نوێکردنەوە نادات، هەروەها پێشتر بەپێی گۆشەنیگایەکی دیاریکراو کۆکراوەتەوە: چونکە ئەوانەی بە سەرچاوەی مێژوویی دەناسرێن تەنیا ئەو ڕووداوانە تۆمار دەکەن کە تۆمارکردنیان گرنگ بووە، بەجۆرێك کە زۆر جار لە م ڕووداوانەدا هەن لەگەڵ بیردۆزەیەکی پێشتر دیاریکراودا دێتەوەو لە بەر ئەوەی ڕووداوی ترمان لە بەر دەستدا نییە، ناتوانین ئەم بیردۆزەیە یان بیردۆزەیەکی غەیری ئەمەیش تاقیبکەینەوە. دەتوانین و بەدروستی ئەم بیردۆزانەی کە توانای تاقیکردنەوەیان نییە بە (خولگەیی) وەسفیان بکەین، ئەمە لە کاتێکدا بێویژدانیکردنە گەر بیردۆزە زانستییەکان بە (خولگەیی) وەسف بکەین، بەمجۆرە ئیدی بە بیردۆزە مێژووییەکان – لە بەرانبەر بیردۆزە زانستییەکاندا دەڵێم (لێکدانەوە مێژووییەکان) یان (چەمکە مێژووییەکان).

چەمکە مێژووییەکان زۆر گرنگن، چونکە گۆشەنیگا دەبەخشن، بەڵام ئەوەمان بینی کەناکرێت خۆ لە هەبوونی گۆشەنیگا ببوێرین و بەدەگمەن مرۆڤ لە بواری (مێژوو)دا تووشی بیردۆزەیەك دەبێتەوە توانای تاقیکردنەوەی هەبێت و دواجاریش بە بیردۆزەیەکی زانستی بزانرێت، لێرەوە پێویست نییە گریمانەی ئەوە بکەین کە دەکرێت دروستی چەمکی مێژوویی بسەلمێنین یان بەدوای دروستییەکەیدا بچین، ئەمە ناکرێت تەنانەت گەر چەمکەکە لەگەڵ تەواوی کەرەستەی سەرچاوەکانماندا هاتەوە، دەبێت سیفەتی خولگەیی چەمکەکە لە بەر چاوبگرین، ئەوەمان لە بەرچاوبێت کە بەردەوام چەمکی تری مێژوو هەیە کە (ڕەنگە لەگەڵ یەکتردا نەگونجێن) و کەچی لەگەڵ هەمان ئەو سەرچاوانەشدا بێنەوە، هەروەها بەدەگمەن پێدراوی نوێمان لە بەردەستدا دەبێت گەر بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دیاریکراو یارمەتیمان بدات، وەك ئەوەی لە فیزیادا ڕوودەدات، زۆرجار مێژوونووس چەمکێکی مێژوویی نابینێتەوە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بگونجێت، بە هەمان ئەو ئەندازەیەی لەگەڵ تێگەیشتنی تایبەتی مێژوونووس خۆیدا دەگونجێت، بەڵام گەر ئەوە لە بەر چاو بگرین کە تەنانەت لە فیزیاشدا، بەو کەرەستە زۆرە باوەڕپێکراوەشەوە کە هەیەتی، تاقیکردنەوەی یەکلاییکەرەوەی نوێی پێویستە، چونکە تاقیکردنەوە کۆنەکان لەگەڵ دوو بیردۆزەدا دەگونجێن، کە لە ململانێدان و بەیەکەوە ناکۆکن، دەڵێم کاتێك ئەمە لە بەر چاو بگرین – ئەوا دەگەینە ئەو بۆچوونە سادەیەی کەهەر زنجیرە نووسینەوەیەکی مێژوویی لە هەر کاتێکدا بێت، بوار بە لێکدانەوەی نادات تەنیا بە یەك ڕێگا

نەبێت، (ئەوەی لێرەدا لە مێشکمدایە ئەوەیە کەلێکۆڵینەوە، لە لادانی تیشکی ئەستێرە جێگیرەکان کەدەکەونە لایەکی خۆرەوە لە کاتی خۆرگیراندا پێویستی بە یەکلاییکردنەوە لە نێوان بیردۆزەکەی نیوتن بۆ کێشکردن و بیردۆزەکەی ئەنیشتاین) هەیە.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە سەرجەم لێکدانەوە یان چەمکە مێژووییەکان لە بەهادا یەکسانن. یەکەم و بەشێوەیەکی بەردەوام هەندێك لێکدانەوە هەن لەگەڵ نووسراوە دانپێدانراوەکاندا نایەنەوە. دووەمیش لێکدانەوە گەلێك هەن کەم تازۆر پێویستیان بەگریمانەی پەسندکراوی یارمەتیدەرە بۆ پشتڕاستکردنەوەیان لە ڕێی نووسراوەکانەوە، سێیەمیش لێکدانەوە هەیە ناتوانێت کۆمەڵێك ڕووداو لە یەك زنجیرەدا بەیەکدییەوە ببەستێتەوە، ئەو ڕووداوانەی کە لێکدانەوەیەکی تر دەتوانێت بەیەکیانەوە ببەستێتەوەو ڕاڤەیان بکات، بەمەش دەکرێت پێشکەوتنێکی گەورە لە بواری لێکدانەوەی مێژووییدا بەدی بێت. سەرەڕای ئەوەی کەهەموو وەستانەوەیەك، دەکرێت لە نێوان تێڕووانینە گشتییەکان و ئەو گریمانە مێژووییە دیاریکراوە تاکییانەی پێشتر باسمکردن کەمەرجە بەراییە گریمانەکراوەکان تێیدا ڕۆڵ دەگێڕن لە لێکدانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان، نەك یاسا گشتییەکان. لێرەدا زۆرجار دەکرێت بەدروستی تاقیبکرێنەوەو دواتریش بەبیردۆزە زانستییەکان بەراورد بکرێن، بەڵام هەندێك لە و گریمانە دیاریکراوانە بە (نیمچە بیردۆزە) گشتییەکان دەچن، ئەوەی ناوم لێنان لێکدانەوە یان چەمکە مێژووییەکان ئەمانە لە یەکەیەکدا کۆبکرێنەوەو ناوی دەنێم (لێکدانەوە تایبەتەکان) بەوەی، کە ئەو شایەتحاڵانەی خزمەت بە تێڕووانینە گشتییەکان دەکەن، هەمان ئەوانەن کە خزمەت بە یەکێك لە م لێکدانەوە تایبەتانە دەکەن و هەمووانیش دەکەونە چوارچێوەی (خولگەییەوە). دەگمەن نییە حاڵەتێکمان بەرچاو بکەوێت تێیدا تاکە سەرچاوە تایبەتەکانمان زانیاریی ڕووداوی تایبەت پێشکەش دەکەن، کە لەگەڵ لێکدانەوە تایبەتییەکەی خۆیدا بۆیان دەگونجێت، بۆیە زۆربەی لێکدانەوەکانمان بۆ ڕووداوەکان دەکەونە چوارچێوەی (خولگەییەوە)، بەواتای پێویست بوونی گونجانی لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەی کە بۆ یەکەم هەڵبژاردنی ڕووداوەکان بەکارهاتووە. بۆیە هەرکاتێك توانیمان لێکدانەوەیەکی وای کەرەستەکانمان بکەین کە دوورکەوتنەوەیەکی ڕیشەیی لە لێکدانەوەی سەرچاوەکانمان دووربکەوێتەوە، (ئەمە لێکدانەوەی منە بۆ نووسینەکانی پلاتۆن)، ئەوسا ڕەنگە لێکدانەوەکانمان تاڕادەیەك بەگریمانەی زانستی بچێت. پێویستە بەردەوام ئەوە لە مێشکی خۆماندا دابنێین، جێبەجێکردنی ئاسانی لێکدانەوەیەکی دیاریکراو و ئەو گووتەیەی دەڵێت: سەرجەم ئەوەی دەیزانین لە ڕێی بەڵگەی گومانلێکراوەوە ڕاڤە دەکرێن، چونکە تەنیا ئەوکاتە دەتوانین بیردۆزەیەك تاقیبکەینەوە کە بتوانین بەشوێن نموونەیەکی دژیدا بگەڕێین. لایەنە جۆراوجۆرەکانی فەلسەفەی ڕوونکردنەوە وەك بانگەشەکەرانی شیکردنەوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی بەتایبەت، ئەمەیان پشتگوێ خستووە، لە بەر ئاسانیی جێبەجێکردنی بیردۆزەکانیان زۆربەی جار لە ڕێگایەوە.

پێشتر ئەوەم گووت کە دەکرێت لێکدانەوەکان لەگەڵ یەکدا ناکۆك بن، بەڵام گەر لە وە تێبگەین لێکدانەوەکان بریتین لە خەمڵینی گۆشەنیگاکان، ئەمە وانابێت، بۆ نموونە لێکدانەوەی خاوەن ئەو باوەڕەی پێی وایە مرۆڤایەتی لە پێشکەوتنی بەردەوامدایە (بەرەو کۆمەڵگایەکی کراوە یان بەرەو ئامانجێکی تر) لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەدا بگونجێت کەمێژووی مرۆڤایەتی بەشکست دەبینێت، بەڵام ئەوە گرنگ نییە تێڕووانینی ئەو مێژوونووسەی وای دەبینێت مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی پێشکەوتنە لەگەڵ ئەو تێڕووانینەدا بگونجێت کە مێژووی مرۆڤایەتی بەشکست دەبینێت.

ئەمە مانای ئەوەیە مێژوویەك هەیە بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بەرەو ئازادی (کە بۆ نموونە مێژووی ململانێ لە دژی کۆیلایەتی لەخۆدەگرێت)و لە لایەکی ترەوە مێژووی دواکەوتنی مرۆڤایەتی و فشارو شکستیش هەیە (وەك ئەوەی بۆ نموونە ڕووداوەکانی پێکدادانی نێوان ڕەگەزی سپی و ڕەنگاوڕەنگ باسی دەکات). دەکرێت هەردوو مێژووەکە بنووسرێنەوە، بێ ئەوەی دژایەتی لە نێوان وەسفی هەردووکیاندا هەبێت: بەڵکو ڕوونە کە دەکرێت هەر یەکێکیان ئەوەی تریان بەتەواوی تەواو بکات، وەك چۆن دوو وێنەی یەك دیمەنی سروشتی کە لە دوو خاڵی جیاوازدا گیرابن یەکتر تەواو دەکەن.

ئەم بیرۆکەیە زۆر گرنگە، لە بەر ئەوەی مادام هەر نەتەوەیەك دژواری و کێشەی تایبەت بەخۆی هەیەو دواجاریش بایەخدان و تێڕووانینی مێژوویی تایبەتی خۆی هەیە، لە مەشدا ئەوە بەدی دەکرێت کە هەر نەتەوەیەك مافی تێڕامانی (تأمل) مێژوویی و بەشێوەی تایبەتی خۆی هەیەو مافی ئەوەی هەیە لێکدانەوەیەکی نوێی بۆ بکات، وەك تەواوکەری لێکدانەوەی نەوەکانی پێشتر. دواجار بۆیە ئێمە لە مێژوو دەکۆڵینەوە، چونکە گرنگە بۆمان و دەمانەوێت شتێکی لێ فێربین بۆ کێشە تایبەتەکانمان، بەڵام مێژوو لە بەدیهێنانی هیچ یەکێك لەم دوو مەبەستە خزمەتمان پێ ناکات، گەر ئەو بیرۆکە

بابەتییەی كە توانای جێبەجێكردنی نییە وەك تەگەرە بمێنێتەوە لە بەردەم وێناكردنی كێشە تایبەتییەكانمان لە ڕووانگەی گۆشەنیگایەكی دیاریكراوەوە، هەروەها ئەگەر تێڕووانینەكەمان بەشێوەیەكی هۆشیارانەو ڕەخنەییانە بەسەر كێشەكاندا جێبەجێكرد، نابێت پێمان وابێت بەمە ئەو تێڕووانینە لەخۆدەگرێت كەمێژوونووسی سادە گریمانەی دەكات، ئەمە كێشەكەی ڕاڤە نەكردووە، بەڵكو ڕادەیەكی لە بابەتیبوون بەدیهێناوە و بواری پێداوە ڕابردوو وەك ئەوەی بەكردەوە بووە ببینێت و وێنا بكات (ئەمە هۆكاری ئەوەیە وا لە من دەكات پێم وابێت كە تەنانەت ئەو تێبینییە كەسییە پشتڕاستكراوانەی لە م بیرۆكەیەدا هەن پاساوی خۆیان هەیەو لەگەڵ میتۆدی مێژووییدا دەگونجێن)، كێشە سەرەكیەكە لە وەدایە مرۆڤ گۆشەنیگا دەزانێت و بەشێوەیەكی ڕەخنەیی بیردەكاتەوەو هەڵسوكەوت دەكات، بەمانای ئەوەی مرۆڤ بەپێی توانا لە لێكۆڵینەوەی ڕووداوەكاندا خۆ لە لایەنگیری نا ڕەخنەیی و هۆشیارانە دەبوێرێت، پێویستە لێكدانەوەكان بۆخۆیان لە سەرجەم گۆشەكانەوە بئاخاڤن و بەهایان لە بەرهەمەكەیان - و توانایان لە تیشك خستنە سەر ڕووداوی مێژوو و بایەخدانی بەكردەوەیان دایە — و لە توانایان تیشك خستنە سەر كێشەكانی ڕۆژانەدایە.

دەكرێت ئەوەی پێشتر گوتراوە بەمجۆرە پوخت بكرێتەوە: ناكرێت مێژوویەك هەبێت بۆ ڕابردوو وەك ئەوەی بەكردەوە بووە، بەڵكو دەكرێت لێكدانەوە مێژووییەكان هەبن و ناكرێت هیچ یەكێكیانیش دوایین لێكدانەوە بن، هەر نەتەوەیەك نەك تەنها مافی هەیە، بەڵكو ئەركیشیەتی لێكدانەوەی تایبەتی ببێت، كە ئەركی بوونی لێكدانەوەیەكی تایبەت، داواكارییەكی سەپێنراوەو پێویستە بەدی بهێنرێت. نامانەوێت پێگەی كێشەكانمان لە پەیوەندییەكەی بە ڕابردووەوە بزانین، بەڵكو ئەم زانیارییەمان بەشێوەیەكی سەپێنراو دەوێت و دەمانەوێت ئەو ڕۆژە ببینین كە تێیدا دەتوانین بەرەو چارەسەركردنی ئەو ئەركە بنەڕەتییانە بچینە پێش كە بۆخۆمان هەڵمانبژاردوون.

كاتێك گەر ئەم داواكارییە بەشێوەیەكی عەقڵانی و ڕەخنەیی بەدی نەهات، ئەوا لێكدانەوە مێژووییەكان لە ژێر فشاری ئەم داواكارییەدا دەیخولقێنێت و بانگەشەكەرانی ڕێبازی مێژوویی ئەم پرسیارە عەقڵانییە دەوروژێنن: (ئەوانە كام كێشە گەلن پێویستە وەك كێشەی سەپێنراو بیانبینین؟ چۆن ڕوودەدەن و چۆن دەتوانرێت چارەسەر بكرێت؟) ئەمەیش لە ڕێی ئەو پرسیارە نا عەقڵانییەی كە بەرووكەش پێدەچێت پەیوەست بێت بە ڕووداوەكانەوە، ئەویش ئەم پرسیارەیە: ڕووبكەینە چ ئاراستەیەك؟ ئاراستەو مەیلە كانی ڕۆژەگارەكەمان چین؟ ئەو ڕۆڵەی مێژوو بۆی داناوین بیگێڕین چییە؟، بەڵام ئایا پێم دەكرێت نكوڵی لە مافی لایەنگرانی ڕێبازی مێژووی Historizisten[3] بكەم لە لێكدانەوەی مێژوو بە ڕێگای تایبەتی خۆیان؟ پێشتر نەمگوتووە ئەمە مافی هەموو كەسێكە؟ بۆ ئەم پرسیارەش وەڵامم ئەوەیە كە لێكدانەوەی لایەنگرانی ڕێبازی مێژوویی لێكدانەوەیەكن لە جۆری تایبەت، ئەم لێكدانەوانە پێویست و دروستن و دەبێت یەكێكیمان قبوڵ بێت، كە دەكرێت بەو دۆزەرەو تیشكییەی بەراورد كەین كە لە نێو ڕابردوودا كنەی پێ دەكەین، بەو ئومێدەی ئەو كنەیەی لە ئێستادا دەیكەین تیشكمان بۆ بداتەوە.

لێكدانەوەی لایەنگرانی ڕێبازی مێژوویی بەرانبەر بەمە — بەو دۆزەرەوە تیشكییە دەچن كە ڕووی دەكەینە خۆمان و وادەكات ئاسان نەبێت دەووربەری خۆمان ببینین — گەر نەكرا نامومكین ببێت، هەروەها تەگەرە دەخاتە بەردەم هەڵسوكەوتمان. بۆ ئەوەی ئەم لێكچواندنە لێكبدەینەوە دەڵێین: بانگەشەكەرانی ڕێبازی مێژوویی ئەوانە نابینن كە ڕووداوەكانی مێژوو دەستنیشان دەكەن و ڕێكدەخەن، بەڵكو پێیان وایە كە مێژوو بۆخۆی یان مێژووی مرۆڤایەتییە، كە داهاتوومان بۆ دیاری دەكات، بەڵكو تێڕووانینیشمان دیاری دەكات لە ڕێی یاساكانییەوە، لایەنگرانی ئەم ڕێبازە لە بری پشتڕاستكردنی هەوڵی پشتڕاستكردنەوەی ئەوەی كەلێكدانەوەی مێژوویی دەبێت بەپشتبەستن بەو كێشە كرداری و دەستنیشانكردنانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە، بەرەنگاری داواكاری بینەوە، كەچی پێیان وایە كە حەدسی قووڵ لە ئارەزووی گەیشتنمان بە لێكدانەوەی مێژوویی گوزارشت لە خۆی دەكات. دەتوانین لە ڕێی تێڕامانی مێژووییەوە نهێنییەك بدۆزینەوە، ئەویش جەوهەری قەدەری مرۆڤە. ئاراستەی مێژوویی بەشوێن ئەو ڕێگایەدا وێڵە كە مرۆڤایەتی گۆڕانەكەی دیاری دەكات، دەیەوێت كلیلی مێژوو یان مانای مێژوو بكۆڵێتەوە (وەك جۆن ماكمۆری J. Macmury)[4] ناوی لێناوە، بەڵام ئایا شتی وا یان مانای مێژوو هەیەو ئایا ئەمجۆرە كلیلە هەیە؟ ئایا مێژووی جیهان (مانای هەیە؟).

لێرە من نامەوێت خۆم بە كێشەی مانای وشەی (مانا)وە سەرقاڵ بكەم، پێموایە زۆربەی خەڵكی بەڕوونی دەزانن دەڵێن چی، كاتێك قسە لە سەر (مانای مێژوو) یان (مانای ژیان) دەكەن، بەم واتایە، بەو واتایەی كە پرسیاری مێژووی پێدەكرێت وەڵام دەدەمەوەو دەڵێم: مێژووی جیهان مانای نییە.

سەرەتا بۆ ڕوونكردنەوەی ئەو هۆكارانەی وایان لێكردم ئەم بۆچوونەم ببێت، پێویستە –شتێك لە سەر

شێوەی (مێژوو) بڵێم کە بەدرێژایی تەمەنی مرۆڤ لە کاتی پرسیارکردنیدا لە سەر مانای مێژوو بوونی هەیە. تائێستا وەهام باس لە سەر مێژوونەکردووە وەک ئەوەی پێویستی بەلێکدانەوەی زێدەبار نەبێت. ئیدی ئەمە ناکرێت: ئینجا دەمەوێت ئەوە روونبکەمەوە مێژوو بەو مانایەی کە زۆربەی خەڵکی باسی لێدەکەن بوونی نییە، بەلای کەمەوە ئەمە یەکێکە لە و هۆکارانەی وام لێدەکەن بڵێم مانای نییە.

زۆرینەی خەڵکی چۆن بەوە گەیشتن وشەی (مێژوو) بەکار بهێنن؟ (لێرەدا مەبەستم لە (مێژوو) بەو مانایەیە کە دەڵێن ئەم کتێبە تایبەتە بە مێژووی ئەوروپا، نەک بەو مانایەی دەڵێت: ئەمە مێژووی ئەوروپایە) ئەم مانایە لە قوتابخانەو زانکۆکاندا فێری بوون، کتێبی لە بارەوە دەخوێننەوەو ناوەرۆکی کتێبەکان دەبینن کەناونیشانی (مێژووی جیهان) یان (مێژووی مرۆڤایەتی)ی پێوەیەو بە بینینی زنجیرەیەکی دیاریکراو لە رووداو، لە سەر مێژوو رادێن و پێیان وایە بەدوای یەکدا هاتنی ئەو رووداوانە مێژووی مرۆڤایەتی پێکدەهێنن، بەڵام ئەوەمان بینی کە مەیدانی رووداوەکان مەیدانێکی فراوان و بێکۆتاییەو ئینجا پرۆسەی هەڵبژاردنی رووداوەکانیش هەروەها، ئیدی بەپێی شوێن بایەخی خۆمان دەتوانین بۆ نموونە لە مێژووی زمان یان مێژووی خواردنە قەغەکراوەکان یان مێژووی تای تیفۆد (وەک ئەوەی هانز زنسرH. Zensser لە کتێبی (مشکەکان، ئەسپێ و مێژوو کردوویەتی) بکۆڵینەوە، بەدڵنیاییەوە ناکرێت هیچ یەکێک لە مانە مێژووی مرۆڤایەتی بن (ئەگەر کۆش بن). ئەگەر ئێمە قسە لە سەر مێژووی مرۆڤایەتی بکەین واتە قسە لە سەر مێژووی میسرییەکان و بابلییەکان و خەڵکی پروسیاو ئیمپراتۆریای رۆمانی و مێژووی مەقدۆنییەکان و بەمجۆرە تا دەگەینە رۆژگاری ئێستا دەکەین، بە واتایەکی تر: قسە لە سەر مێژووی مرۆڤایەتی بکەین، بەڵام ئەوەی لە قوتابخانەدا فێری دەبین بریتییە لە مێژووی هێزی سیاسی.

لە راستیدا مێژووی مرۆڤایەتی بوونی نییەو ژمارەیەکی بێسنوورمان هەیە لە مێژووەکان (کۆی مێژوو) و سەرجەمیان لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دەپێکن، کە یەکێکیان مێژووی هێزی سیاسییە، وەک ئەوەی ئەمە مێژووی تەواوی جیهان بێت، بەڵام ئەمە سووکایەتیکردنە بەمرۆڤایەتی و ئاداب، ئەمە لە وە باشتر نییە کە مێژووی چەتەگەری و تیرۆر بکەین بە مێژووی مرۆڤایەتی، چونکە مێژووی هێزی سیاسی جگە لە مێژووی تاوان و کوشتنی بەکۆمەڵ لە سەر ئاستی جیهانی و نیشتمانی هیچی تر نییە، ئەمە ئەو مێژووەیە کە لە قوتابخانەکاندا دەیبینین و تێیدا وەک پاڵەوان و قارەمان دەڕووانینە گەورە ستەمکاران.

بەڵام ئایا مێژووی گشتی بەمانای مێژووی بەکردەوەی مرۆڤایەتی نییە؟ ئەمجۆرە مێژووە ناکرێت هەبێت. پێویستە ئەمە وەڵامی هەر تاکێک بێت کە بەراستی سیمای مرۆڤایەتیی تێدابێت و وەڵامی هەموو مەسیحییەک بێت بەتایبەتی. مێژووی بەکردەوەی مرۆڤایەتی —ئەگەر بوونی هەبێت— ئەوا پێویستە مێژووی مرۆڤ بێت بەگشتی، دەبێت مێژووی تەواوی هیواو ململانێ و ئازار چەشتنەکانی مرۆڤایەتی بێت، کە کەسێک نەبێت لە کەسێکی تر گرنگتر، نووسینەوەی ئەمجۆرە مێژووە کردەوەییەی مرۆڤ ناکرێت، دەبێت پرۆسەی داماڵین بکرێت، پێویستە شتگەلێک وەلا بنرێت و هەندێکی تر دەستبژێر، بەمەش دەگەینە مێژووگەلێکی زۆر —کە مێژووی کوشتاری بە کۆمەڵ و تاوانی جیهانیش لەخۆدەگرێت، کەوا خراوەتە بەرچاو، ئەمە مێژووی مرۆڤایەتییە یان مێژووی جیهان.

بەڵام لە بەرچی مێژووی هێز هەڵبژێردراوەو بۆ نموونە مێژووی ئایین یان هونەر یان شیعر هەڵنەبژێردراوە؟ لێرەدا چەند هۆکارێکی جۆراوجۆر هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کەهێز کار لە هەموومان دەکات، کەچی شیعر کار لە هەندێکمان دەکات، هۆیەکی تر ئەوەیە مرۆڤ بەلای پەرستنی هێزدا دەشکێتەوە، بەڵام پەرستنی هێز لە ترسەوە سەرچاوە دەگرێت، یان بەو هەستەوە کە سووکایەتی بەڕاستی دەکەین، بەڵام هۆکاری سێیەم ئەوەیە کە سیاسەتی هێز چەقی گرنگپێدانی مێژوونووس پێکدەهێنێت، ئەوەش لە بەر ئەوەی زۆرجار دەسەڵاتداران ئارەزووی ئەوە دەکەن کە لە لایەن کەسانی ترەوە پەرستراو بن، ئامرازێکیش هەبوو بۆ بەدیهێنانی ئەم هیوایەیان، بۆیە زۆرێک لە مێژوونووسان لە ژێر چاودێریی فەرمانڕەوا یان سەرکردەی سیاسی یان فەرمانڕەوا دیکتاتۆرەکاندا نووسیویانەتەوە.

دەزانم ئەم بۆچوونەم لە زۆر لایەنەوە دووچاری نارازیبوونی زۆر دەبێتەوەو لە لایەن بەرگریکەرانی مەسیحییەتیشەوە، چونکە بۆچوونی دەرکەوتنی خودا لە مێژوو بەشێک لە باوەڕی مەسیحی پێکدەهێنێت، هەرچەند نزیکە یەک گوتەیەک لە ئینجیلدا نەبێت بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم باوەڕە. هەمان شت بەسەر ئەو بۆچوونەشدا دەسەپێت کە دەڵێت: مێژوو مانایەو ماناکەش بریتییە لە مەبەستی خودا. بەمجۆرە مێژوو دەبێت بەتوخمێکی پێویستی توخمەکانی ئایین، بەڵام سوورم لە سەر ئەوەی ئەم بۆچوونە دەچێتە خانەی بتپەرستی و خورافەوە، نەک تەنها لە تێڕوانینی عەقڵانی و مرۆییەوە، بگرە لە تێڕوانینی مەسیحیشەوە.

ئەوەی لە ڕێبازی مێژووی بەخوداوەندکردندا (تألیهی) هەیە چییە؟ ڕێبازی بەخوداوەندکردەیی لەگەڵ هێگڵدا

وای دەبینێت کە مێژوو –مێژووی سیاسی– بریتییە لە شانۆ، یان شێوەیەك لە شێوەکانی شانۆگەریی شکسپیری، کە بینەران پاڵەوانانی شانۆگەرییەکە لە کەسایەتییەکی مەزنی مێژووییدا دەبینن یان لە نیشتمانەکان یان ڕەنگە لە تەواوی مرۆڤایەتییەوە، ئەوکات ئەو پرسیارە دەکەن: (کێ ئەم شانۆگەرییەی نووسیوەتەوە؟) پێیان وایە وەڵامێکی تەواو بەهێزیان داوەتەوە کە دەڵێن: (خودا)، بەڵام هەڵەن، چونکە وەڵامەکەیان بۆخۆی کوفرە، لە بەر ئەوەی (ئەوەی زانراوە) خودا شانۆگەری نانووسێتەوە، بەڵکو مێژوونووسێك و لە ژێر چاودێریی سەرکردەی سەربازی و فەرمانڕەوا دیکتاتۆرەکاندا نووسیویەتی.

لاریم نییە لە وەی کە تێڕوانینی مێژوو لە گۆشەنیگای مەسیحییەتەوە وەك سەرجەم گۆشەنیگاکانی تر پاساوی خۆی هەیە، هاوکات دەبێت ئەوەش جەخت بکەینەوە کە ئێمە بەزۆرێك لە ئامانج و ڕۆشنبیریی ڕۆژئاواییمان وەك ئازادی و یەکسانی قەرزارباری کاریگەری مەسیحییەتین، بەڵام هەردوو تێڕوانینی عەقڵانییەك و مەسیحییەك لە یەککاتدا، بۆ مێژووی ئازادی لە وێدایە کە ئێمە (مرۆڤ وەرگێڕ) بەرپرسیارێتیەکەی هەڵدەگرین، هەر بەو مانایەی کەئێمە بەرپرسیارین لە دروستکردنی ژیانمان–و تەنها ویژدانمانە دەتوانێت حەکەم بێت نەك سەرکەوتنی دونیایی، بۆیە ئەو ڕێبازە وای دەبینێت خوداو بڕیارەکانی لە مێژوو دەردەکەون لە و ڕێبازە جیاناکرێتەوە کە سەرکەوتنی دونیایی بەدوایین یەکلاییکەرەوە پاساوی کردارەکانمان دەزانێت و هەردووکیشیان بەرەو هەمان ئەو ئاقارە دەچن کەپێی وایە مێژوو ئێمە ئاراستە دەکات، بەو مانایەی کەهێزی پاشەڕۆژی ڕاستە، ئەمە ئەوەیە کە بە ڕێبازی پاشەڕۆژی ئەخلاقیی (Moralischenfutur ismus) ناوزەدم کردووە، بۆیە پێداگری لە سەر ئەوەی خودا لە وەدا کەناوی دەنێین (مێژوو) واتە مێژووی کوشتنی بەکۆمەڵ و تاوانی نێودەوڵەتیی دەستی هەیە، ئەمە بۆخۆی کوفرە، ئەمە هەر بەمجۆرەش دەمێنێتەوە، ئەگەر لە بری فەرمانڕەواکانی رابردوو هانا بەرینە بەر فەرمانڕەواو ئەنجامدەرانی کوشتارە گشتییەکانی داهاتوو، وەك ئەوەی کە فەرمانڕەوامانن، بۆیە ئەم کردارە وەحشیگەرییە تەنها جیاکەرەوەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بە کردەوە دەرناخات و بەمە ژیانی تاك نەزانراو و لە بیرکراوە: خەم و خۆشییەکانی، ئازار چەشتنەکانی و کۆتایی هاتنی، کە هەموو ئەوانە ناوەڕۆکی بەکردەوەی خیبرەی مرۆڤایەتییە لە هەموو سەردەمێکدا.

ئەگەر مێژوو بیتوانیایە ئەمەمان بۆ تۆمار بکات، ئەوا بەدڵنیاییەوە نەمدەگوت بینینی شوێن پەنجەی خودا لە مێژوو کوفرە، بەڵام ئەمجۆرە مێژووە نییەو بوونیشی ناکرێت، ئەوەی لە مێژوو هەیە، مێژووی گەورە پیاوان و دەسەڵاتدارانە کەهیچ باشتر نییە لە کۆمیدیایەکی بێ مانا فەرمانڕەواکان دایانناوە (تەواو وەك ئۆپێرای (buffa)ی هۆمیرۆس، ئۆپێرای وردە ناکۆکییەکان و ئازارەکان و ململانێ ئۆلۆمپییەکان). ئەمە ئەوەیە کەیەکێك لە غەریزە خراپەکانمان ئەویش پەرستنی بتپەرستانەی دەسەڵاتە وەك ڕاستییەکی ڕاستەقینە بۆمانی وێنا دەکات. لە م مێژووە کە هەرگیز پاشماوەی مرۆڤ نییە، بەڵکو هەندێك لە مەسیحییەکان دەڵێن، بینینی شوێن پەنجەی خودا وای لێکردوون ئەوە بڵێن، ئەوان ویستویانە لە ئیرادەی خودا تێبگەن و بیزانن، کەچی لە وە پتریان نەکردووە، کە هەوڵیان داوە لێکدانەوە مێژووییە بەرتەسك و بێماناکانی خۆیانی بخەنە پاڵ لە بەرانبەریشدا (کارل بارس) (K. Barth5)ی تیۆلۆجیست لە کتێبی (The Credo)دا دەڵێت: پێویستە بەو بڕیارە دەستپێبکەین کە هەموو ئەوەی پێمان وایە دەیزانین کاتێك دەڵێین (خودا)، ناگاتە خوداو خودا تێیناگات، بەڵکو تەنها یەکێکە لە و بتانەی کە بۆخۆمان دروستمان کردوون چ (عەقڵ) بێت یان (سروشت) یان (قەدەر) یان (بیرۆکە). ئەم دەستەواژەیە لەگەڵ ئەو هەڵوێستەی "بارس"دا گونجاوە، ئەوەی کە باوەڕی پرۆتێستانتەکان لە مەر دەرکەوتنی خودا لە مێژوو، بە باوەڕێکی نامەشروع و هێرشکردنە سەر چەقی مەلکیەتی مەسیح دەزانێت.

بەڵام ئەگەر لە تێڕوانینی مەسیحییەتەوە بڕوانینە ئەم هەوڵانە ئەوە بەدی دەکەین کە تەنها بەلە خۆبایی بوون و خۆبەزلزانین پشتئەستور نین، بەڵکو پشتئەستورە بەتێڕوانینی دژە مەسیحییەتیش، چونکە مەسیحییەت ئەوەمان فێردەکات کە سەرکەوتنی دونیای یەکلاییکەرەوە نییە. لە بەر ئەوەی مەسیح ئازاری لە دەستی پۆنتیاس پیلاتۆس Pontius Pilatus 6 چەشت.

جارێکی تر بارس وەك بەڵگە دەهێنمەوە کە دەڵێت: پیلاتۆس چۆن لە (باوەڕدا) دەردەکەوێت؟ وەڵامی ئەمانە ئاسانە: (ئەمە کێشەی پێدراوە) بەم شێوەیە ئەو مرۆڤەی کە نمایندەی هێزی مێژوویی ڕۆژگاری خۆیەتی، ڕۆڵی ڕاگەیێنەری ڕۆژگاری خۆی دەگێڕێت ئەو ڕۆژگارەی ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن، ئەم ڕووداوانەش هەرچییەك بن، جگە لە ئازار چەشتنەکانی مرۆڤ هیچی تر نین، بارس جەخت لە وە دەکاتەوە کە وشەی (دەچێژێت) پەیوەستە بە سەرلە بەری مێژووی مەسیحەوە نەك تەنها مردنەکەی، دەڵێت: مەسیح ئازاری چەشت بۆیە نە غەزای کرد و نە سەرکەوت، سەرکەوتنی بەدی نەهێنا... و نەگەیشتە هیچ

شتێك تەنها خاچەكەی نەبێت و دەكرێت هەمان شت لە سەر گەلەكەی و شوێنكەوتوانەكەیشی بڵێین. دەمەوێت بەو دەستەواژانەی لە كتێبەكەی "بارس"دا وەریاندەگرم ئەوە روونبكەمەوە كە پەرستنی سەركەوتنی مێژوویی ناكرێت لەگەڵ روحی مەسیحدا بگونجێت، نەتەنها لە تێڕووانینی عەقڵانی و مرۆییشەوە، چونكە كردەوە مێژووییەكانی داگیركەرە رۆمانییەكان پێوەری سەركەوتنی مەسیحییەت نییە، بەڵام گەر ئەو دەستەواژەیەی كیرگیگارد بەكاربهێنین (ئەوەی هەندێك لە راوچییانی جیهان پێشكەشیان كرد) ئەوا هەموو لێكدانەوەیەكی بە خوداوەندكردەیی بۆ مێژوو هەوڵی ئەوە دەدات — شێوەكانی ئیرادەی خوداوەندی لە مێژوو — واتا مێژووی سەركەوتنی مێژوویی ببینێت. دژ بەم هێرش كردنە بۆسەر بیردۆزەی بەخوداوەندكردنە لە مێژوو، نارەزایی دەبێت، بەوەی كەسەركەوتنەكە لە سەركەوتنی مەسیحدایە دوای مردنی كە لە روانگەیەوە ژیانی شكست خواردووی مەسیح لە سەر زەوی بەگەورەترین سەركەوتن هەژمار دەكرێت، نارەزایی دەبێت بەوەی كە سەركەوتنە بەری رێبازەكە كە ئەم بەرەی پێ سەلمێندراوەو پاساو دراوەتەوە، سەركەوتن ئەوەبوو، كە لە رێگایەوە ئەم پێشبینییە سەلمێندرا (یەكەمەكان دەبن بەوانی كۆتایی و ئەوانی كۆتاییش بەیەكەمەكان) یان بەدەربڕینێكی تر، ئەو سەركەوتنە مێژووییەی كڵێسای مەسیحی ئەوەبوو ئیرادەی خوداوەندی تێدا دەركەوت، بەڵام ئەم رێبازی بەرگریكردنە زۆر ترسناكە، چونكە بەزمنی ئەوەی قبوڵە كە سەركەوتنی دونیایی كڵێسا بەڵگەیەكە لە بەرژەوەندیی مەسیحییەتدا، ئەمەش كەموكورتی لە باوەڕ دەردەخات، چونكە مەسیحییە كۆنەكان گەشبینییەكی دونیایی لە مجۆرەیان نەزانیوە. (ئەوان باوەڕیان وابوو كە ویژدان هێز ئاراستە دەكات نەك هێز ویژدان ئاراستە بكات). بۆیە هەركەس پێی وابێت مێژووی سەركەوتنی مەسیحییەت ئەو شتەیە پەردە لە سەر ئیرادەی خوداوەندكردەیی هەڵماڵێت، دەبێت ئەوە لە خۆی بپرسێت، ئایا ئەم سەركەوتنە بەكردەوە سەركەوتنی رۆحی مەسیحییەت بوو؟ ئایا ئەو رۆحە لە رۆژگاری ستەملێكراوی كڵێسادا سەركەوتوو نەبوو؟ وەك ئەوەی لە رۆژگاری سەركەوتنیدا سەركەوت و ئەوە كام كڵێسایە بوو كە رۆحی لە وێنەیەكی بێگەرددا وێنا كرد؟ ئایا كڵێسای شەهیدان بوو یان ئەو كڵێسا سەركەوتووەی كە گومرا (ملحد)كانی سزا دەدا؟.

زۆرن ئەوانەی بە پێداگرییەوە موژدەی مەسیح بەوە دەزانن، كە ئاراستەی ئاشتیخوازان كراوە، واتا ئەم موژدە پێشترو ئێستاش موژدەیەك بووە بۆ ئاراستەیەكی مێژوویی یان پێشبینیی مێژوویی. (جۆن ماكموری) یەكێك لە هەوادارە دیارەكانی ئەم بۆچوونە، ئەوەی لە كتێبەكەیدا بەناوی (چاوساغێك بەرەو مێژوو (دلیل الی التاریخ The Clue of History) كرۆكی ئایینی مەسیحی لە پێشبینیدا دەبینێتەوە، هەروەها ئەو كەسەی بەدامەزرێنەری ئەم رێبازە هەژمار دەكرێت، بە دۆزەرەوەی یاسای دیالیكتێكی مێژووی سروشتی مرۆڤایەتیش دەزانرێت. ماكموری لە سەر ئەوە سوورە كە مێژووی سیاسی، بەپێی — ئەم یاسایە — دەبێت بەرەو (ئیمپراتۆریای سۆشیالیزمی) بڕووات. ناكرێت لە یاسای بنەڕەتیی سروشتی مرۆڤایەتی دەربچین: ئاشتی خوازان زەوی داگیر دەكەن، بەڵام ئەم ئاراستە مێژووییەی، كە ئاسایش شوێنی ئومێد دەكرێتەوە دواجار دەبێت بەرەو رێبازی ئەخلاقی پاشەرۆژی بچێت: -ئەمە یاسایەكەو سەرپێچی ناكرێت، بەمەش لە بەر هۆكارگەلێكی دەروونی دەبێت لە وە دڵنیا بین— كەهەمان دەرەنجام دەكەوێتەوە، ئەوی كە بەبەردەوامیی دەتوانین ئەنجامی بدەین، بەڵكو تەنانەت فاشییەتیش پێویستە لە كۆتاییدا بەرەو ئیمپراتۆریای سۆشیالیزمی بچێت، بەجۆرێك كە ئەوكات ئەنجامی كۆتایی پشت بە بڕیارێكی ئەخلاقی نابەستێت لە ئێمەوە دەرچووبێت و هیچ پاساوێكیش بۆ بیركردنەوە لە بەرپرسیارێتی تایبەت نامێنێت، گەر كەسێك پێی راگەیاندین لە وە دڵنیابین كە لە بەر چەند هۆكارێكی زانستی (یەكەمەكان دەبن بە ئەوانی كۆتایی و ئەوانی كۆتاییش بەیەكەمەكان)، ئیدی ئەمە چی دەبێت، پێچەوانەی جێگرتنەوەی ویژدانە لە رێی پێشبینیی مێژووییەوە؟ ئایا ئەم بیردۆزەیە (كە بەدڵنیاییەوە دژ بە بۆچوونی دانەرەكەیەتی) ترسناكانە لە داوای (بەیەكدی گەیشتنمان لە كاتێكی گونجاودا، واتا بەحیزبی ئاشتیخوازان، نزیك نابێتەوە، كە بەپێی یاسا زانستییەكانی سروشتی مرۆڤایەتی كەناكرێت سەرپێچی بكرێت ئەمە تاكە رێگای بێ مەترسی گەیشتنە بۆ سەرەوە ؟) ئەمە دەروازەیەكە بۆ ئەو مێژووەی ئەوە دەسەپێنێت، هەمووان سەركەوتن بپەرستن، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كە ئاشتیخوازان پاساویان هەیە بۆ ئەوەی خۆیان لە ریزی سەركەوتوواندا دەبیننەوە، ئەمە دەروازەیەكە گوزارشت لە ماركسیەت دەكات بەزمانی دەروونناسی سروشتی مرۆڤایەتی و بەزمانی پێشبینیی ئایینی، ئەم لێكدانەوەیە ئەوە لە خۆ دەگرێت كەسەركەوتنی مەسیحییەت لە وێدایە، دامەزرێنەرەكەی پێشەنگێكی هێگڵی بوو، كەس بەهەڵە تێم نەگات كە دەڵێم دەبێت ئێمە سەركەوتن نەپەرستین و ناكرێت سەركەوتن دادوەرو حەكەم بێت و نابێت بواری بدەین كوێرمان بكات، بۆیە هەوڵدەدەم بەتایبەتی ئەوە روونبكەمەوە —كە من بەم تێڕووانینەم— لەگەڵ

مەسیحییەتی ڕاستەقینەدا کۆکم و بەم تێبینیانەم مەبەستم بەرگریکردن لە هەڵوێستی نا دونیایی نەبووە، کە نازانم ئایا مەسیحییەت لە م جیهانەدا نییە، بەڵام بەدڵنیاییەوە مەسیحییەت هەیە! ئەم مەسیحییەتە فێری ئەوەمان دەکات کە تاکە ڕێگا بۆ نیشاندانی باوەڕەکانمان لە وێدایە، ڕێگا بدەین هاوکارییە دونیاییەکان بگەنە دەستی هەژارو کڵۆڵ و پەککەوتەکان، هەروەها دەکرێت خودی تاك لە نێوان خۆپارێزی یان سووکایەتیکردن بەسەرکەوتنی دونیایی ببینینەوە کەمانای هێزو ناوبانگ و سامان و هەوڵی مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی ئەوپەڕی توانای لە جیهانداو بەدیهێنانی ئامانجە مرۆییە دیارەکان، کە بریتییە لە و ئامانجانەی کە مرۆڤ پەنای پێدان تا بیگەیەننە سەرکەوتن، بەڵام نەك لە پێناو خودی سەرکەوتن بەڵکو لە پێناو ئامانج.

لە ڕەخنەی کێرکەگاردا لە هێگڵ پشتگیرییەکی بەهێزی هەندێك لە و بۆچوونانە بەرچاو دەکەوێت، تایبەت بەو بۆچوونەی پێی وایە ناکرێت ڕێبازی مێژوویی لەگەڵ مەسیحییەتدا بگونجێندرێت. ڕاستە کیرکیگارد هەرگیز لە ترداسیۆنی هێگڵی خاوێن نەبۆتەوە، چونکە لە سەری پەروەردە بووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کەس نییە وەکو کیرکیگارد بەڕوونی دانی بەمانای ڕێبازی مێژوویی هێگڵدا نابێت. کێرکیگارد نووسیویەتی و دەڵێت (بەڵێ بەر لە هێگڵ فەیلە سوف هەبوون هەوڵی لێکدانەوەی بوون و مێژوویان داوە، ڕاستییەکەی دەبوو خودا یان (العنایە الالهیە) بەم هەوڵانە پێکەنین بیگرێت، بەڵام لە بەر ئەوە پێنەکەنی ئەمانە بەکردەوە هەوڵی جیدی و ڕاستگۆیانە بوون).

بەڵام سەبارەت بە هێگڵ –ڕێم پێبدەن بە لۆجیکی گریکی بیربکەمەوە– کەچۆن خوداوەند لە پێکەنیندا تەقی! ئەو کێیە ئەو مامۆستا بۆگەنەی کە بەقوڵایی پێویستی هەموو شتێکدا ڕۆچووەو دەتوانێت لە هەموو شتێك تێبگات؟ خوداوەندە! دواتریش لە درێژەی ئاماژەکەیدا کێرکیگارد دەچێتە سەر هێرشی شۆبنهۆری گومڕا بۆ سەر هێگڵی بەرگریکەر لە مەسیحییەت و دەڵێت (زۆر دڵخۆش بووم کە نووسینەکەی شۆبنهۆرم خوێندەوە. ئەوەی دەیڵێت تەواو ڕاستە)، دەستەواژە تایبەتییەکانی کێرکیگارد کە لە سەر هێگڵی نووسیوە کە لە وانی شۆبنهۆر زبرترنین کە دەڵێت (کرۆکی ڕۆحی گەندەڵی، یەکێتی بوون، گەندەڵترین و قێزەونترین جۆرەکانی گەندەڵییە)، هەروەها باسی (کەڕووگرتنی لوتبەرزی) و (شەهوەتی عەقڵی) و تیشکدانەوەی خراپی گەندەڵیی elenden Glauze des Verderbens کردووە.

لە ڕاستیدا پەروەردەی عەقڵیانەی ئێمە هەروەك پەروەردەی ئەخلاقییمان لە کەدارە، ئەوەیشی لە کەدارو گەندەڵی دەکات بریتییە لە پەرستنی ڕووکەشی بریقەدار و کرۆکی ڕۆحی و سەرسام بوون بەشێوەو ڕێگای دەربڕین و کردن، لە بری بایەخدان بەوەی بەکردەوە دەگوترێت و دەکرێت، هەروەها بیرۆکەی بریقەداری ڕۆمانتێکی کە لە سەر شانۆی مێژوو دەردەکەوێت و ئێمە ڕۆڵی خۆمانی تێدا دەگێڕین، هۆیەکی تری لە کەداربوونییەتی.

ئەخلاقی قەدەرو ناوبانگ و ئەو ئەخلاقانەی تائێستاش سیستەمی پەروەردەیی پەیڕەوییان دەکات، کە پشت بە تێڕووانینی هەوادارانی ئاراستەی کلاسیکی بۆ مێژووی جیهان و تەسەوراتی ڕۆمانتێکیان بۆ هێز دەبەستێت و هەروەها پشت بە ئەخلاقی فەوزای ڕۆمانتیکی دەبەستێت، کە دەکرێت بگێڕدرێتەوە بۆ هێراکلیتس. ئەمە مشتومڕی لە سەر کێشەی چۆن دەکرێت مرۆڤ لە سەر هەڵسەنگاندنی دروستی خود لە سەر بنەمای هەڵسەنگاندنی ئەوانی تر پەروەردە بکرێت خستۆتەوە، هەروەها ناڕوونیی ئەم کێشەیە لە کاریگەریی (زنجیرەیی ئەخلاقی)یشدا کەوتووەتەوە کە لە بناغەکەیدا پشت بەپەرستنی دەسەڵات و هێز دەبەستێت. بۆیە لە جێی هەڵوێستێك کە تێیدا تاکایەتی و خۆبەختکردن لە پێناو کۆ کۆببنەوە، واتا لە بری ئەو هەڵوێستەی زمانحاڵەکەی دەڵێت (تاکەکانی مرۆڤایەتی بەکردەوە گرنگن بێ ئەوەی ئەمە مانای ئەوە بێت ئەوەی لێ دەسگیربکەم، کەگرنگی لە کەسێکدا چڕدەبێتەوە) و ڕازیبوون بە پێکهاتەیەك لە خۆویستی و کۆویستی Kollektivishus. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەمانای (خود)و ژیانی هەستکردنی تایبەت بە خودو خۆ دەربڕینی تێپەڕاندووە، هەروەها پشێویی نێوان کەسایەتی و تیپ یان کەسایەتی و کۆمەڵی بەشێوەیەکی ڕۆمانتێکی تێپەڕێندرا. ئەم کۆمەڵییە شوێنی تاکگەلی تر دەگرێتەوە و دواتریش ڕێی بەهیچ پەیوەندییەکی کەسیەتیی عاقڵانە نادات. دروشمی ئەم تێڕووانینە دەڵێت (لێبدە یان خۆبدە بەدەستەوە، پیاوی مەزن بە، قارەمانێك بە لەگەڵ قەدەردا، لێرەو لە وێ بگوترێیتەوە، ناوبانگ پەیدا بکات (تاحاڵەکە گەورەتر بێت ئەوەندە ناوبانگەکە پتر دەبێت و بڵاوتر دەبێت، هیراکلیتس). یان بخزێرە نێو ئەو کۆمەڵەوە کەچۆك بۆ سەرکردە دادەدات و خۆی لە پێناو کۆمەڵەکە بەخت دەکات)، توخمی هێزی دەمارگیری لە م پێداگرییە زۆرە دایە کە لە سەر مانای پشێویی نێوان خودو کۆبوونەوەدا هەیە، واتا بەرپەرچدانەوەی شارستانییەت نهێنیی بەهێزی ئەو کێشکردنە سۆزدارییە بەهێزەیە کە لە ئەخلاقی پیرۆز ڕاگرتن و بەمەزنزانینی پاڵەوان و ئەخلاقی سیادەو ملکەچیدا باوە.

ئەمە هەمووی دەکەوێتە سەر دژواریی یەککردەوەیی، لە

کاتێکدا ئاشکرایە کە پیاوی سیاسەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی خراپە خۆی تەرخانکردووە، بێئەوەی هەوڵی ئەوە بدات بەرەنگاری بەها نیگەتیڤەکان یان بەها "بالاکان"ی وەک فرە دڵخۆشی ببێتەوە، کەچی مورشید خۆی لە بارێکی تەواو جیاوازدا دەبینێتەوە، راستە ئەو ناچارنییە لە وەی پێوەرە تایبەتییەکانی خۆی بۆ بەها بالاکان بەسەر موریدەکانیدا بیسەپێنێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەبێت هەوڵبدات موریدەکانی هانبدات یان رازییان بکات تا بایەخ بەم بەهایانە بدەن، پێویستە مورشید سەرقاڵبێت بەرۆحی موریدەکانییەوە (وەکو ئەوەی سوکرات بەهاورێکانی خۆی گوت دەبێت بەرۆحی خۆیانەوە سەرقاڵبن، ئەو رۆحانەی کە ئەوی خۆی پێوە سەرقاڵ کردوون)، کەواتە ئەوەی بە رەگەزی جوانی یان رۆمانتیکی دەچێت لە پەروەردەدا لە وێدایە، ئەو رەگەزەی کەنابێت دەروازەیەک بدۆزێتەوە بۆ رۆچوونە نێو سیاسەتەوە.کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کەئەمە وەک پرەنسیپێکی دانپێدانراوە، بەڵام هێندەی نەماوە گەر جێبەجێکردنی لە سیستەمی پەروەردەیماندا بەدی نەکرێت، کە لە کاتێکدا پەیوەندیی هاورێیەتی شتێکی پێویستە لە نێوان مامۆستاو خوێندکاردا، پەیوەندییەکە مافی هەردوولا بپارێزێت، یا نەخۆ کۆتایی پێ بهێنرێت. (سوکرات ئەوهاورێیانەی دەستنیشانکرد کەدەستنیشانیان کردبوو)، بەڵام ژمارەی خوێندکاران لە خوێندنگاکانی ئەم رۆژگارەدا وا دەکات ئەم پەیوەندییە نەکرێت، بەم پێیەش هەموو هەوڵێکی رێکخراو بۆ بەدەستهێنانی بەها بالاکان هەوڵی سەرنەکەوتوونێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە هۆی زەرەرمەندبوون، کەچی رەنگە شتی باشیشی لێ بکەوێتەوە وەک ئەوبەهایەی کە مرۆڤ ویستویەتی بەدیبهێنێت، دەبێت ئەو پرنسیپەی دەڵێت: نابێت زەرەر بەوانە بگەیەنین کە دەستی یارمەتییان بۆ درێژ دەکەین، ئەمە پرنسیپێکی بنەرەتیی بێت لە پەروەردەدا وەکو پزیشکی (زەرەر ناگەیەنێت) دواجاریش ئەوە بەلاوان پێشکەش بکەین کە زۆر پێویستیانە.

کاریگەری ئەمجۆرە بیرۆکە رۆمانتێکییە —وەک بیرۆکەکانی پلاتۆن— دەبنە مایەی یەکبوونی نێوان تاکییەتی و خۆویستی و یەکبوونی نێوان (خۆبەختکردن لە پێناو کۆو کۆیەتی، واتا حەلاڵکردنی خۆویستیی تاک لە رێی خۆویستیی کۆوە). ئەمەش بووە هۆکاری دەرگا داخستن لە بەردەم دارشتنی شێوەیەکی روونی کێشەی سەرەکیی پەروەردە، کێشەی چۆن خودی مرۆڤ دەتوانێت بگاتە ئەوەی لە سەر بنەمای هەڵسەنگاندنی ئەوانی تر، خۆی هەڵبسەنگێنێت. ئەگەر بەراستییەوە هەست بەوە بکەین کە پێویستە بۆخۆمان ئامانجی خۆمان دەستنیشان بکەین، ئەوا بایەخی تەواو دەدەین بەو ئامانجەی دەمانەوێت و رەنگە قوربانیشی لە پێناودا بدەین.

ئیدی بەوە دەگەین کە کۆمەڵ (بە ئەرکە مێژووییەکەیەوە: پێویستە ئەو ئامانجە بێت. ئیدی پێمان دەڵێن کەواتە ئەوکاتە دەبێت قوربانی بدەین، لە وکاتەدا دەزانین بەمجۆرە ئێمە کردارێکی زۆر گرنگمان ئەنجامداوە. دەبێت قوربانی بدەین و لە رێگایەوە ناوبانگ بەدەست دەهێنین و دەبین بەپاڵەوان لە سەر شانۆی مێژوو. ئیدی لە ماندووبوونێکی کەمەوە زۆر بەدەست دەهێنین. ئەم ئەخلاقە گومانلێکراوە ئەخلاقی ماوەیەکی دیاریکراوە، بەشێکی زۆر کەمی مرۆڤ هەڵیبژاردووەو کەسیشیان گەلیان بەهەند نەگرتووە لە م هەڵبژاردنەدا. ئەمە ئەخلاقی ئەوانەیە هەلیان بۆ رەخساوە، جا ئەگەر سیاسی بن یان ئۆلیگارکی عەقڵ — تا کتێبە مێژووییەکان تۆماریان بکەن، ئەمە ئەو ئەخلاقەیە کە ناکرێت ئەخلاقی ئەوانە بێت بەرگری لە دادپەروەری و یەکسانی دەکەن، چونکە ناوبانگی مێژوویی، دادپەروەر نابێت و تەنها لە لایەن کەمینەی مرۆڤەوە نەبێت ناکرێت بەدی بێت، ئەوانەی کە لە وان بەهادارترن بەردەوام بەفەرامۆشکراوی دەمێننەوە. پێدەچێت پێویست بێت گەر ئەخلاقی هیراکلیتسیمان قبوڵ بێت —ئەو رێبازەی دەڵێت (پاداشتی) بالایە کە دەکرێت نەوەکانی داهاتوو پێشکەشی بکەن— رەنگە برێك لە و رێبازەی کە داوای پاداشتدانەوەی دەمودەست دەکات باشتر بێت، -بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئەو ئەخلاقە نییە ئێمە دەمانەوێت— ئێمە ئەخلاقێکمان دەوێت کە سەرکەوتن و پاداشت بەگشتی قبوڵ نەکات، ئەگەرچی ئەم ئەخلاقە ئەخلاقێکی باشیش نییە، بەڵام لانی کەم سەرچاوەکەی دەگەرێتەوە بۆ مەسیحییەت، دواتریش جارێکی تر لە م رۆژگارەدا لە توێی کاری زانستی و پیشەسازیی هاوبەشدا بەدیمان کردۆتەوە، ئەخلاق و ناوبانگی مێژوویی رۆمانتێکی — خۆشبەختانە — پێدەچێت روو لە کەمبوون بێت، ئەمەش لە هێمای سەربازی ونەوە دەردەکەوێت. هێندەی نەماوە هەست بەوە بکەین کە قوربانی —تایبەت گەر نادیار بوو- رەنگە لە وانی تر بەبەهاتر بێت. پێویستە لە ئەخلاقی پەروەردەییماندا ئەمە شوێنی ئەخلاقی ناوبانگ بگرێتەوە، دەبێت فێری بەدیهێنان و کاری قوربانیدان بین لە پێناو ئەرکدا نەك لە پێناو ناوبانگ و خۆپاراستن لە ئابڕووچوون (بەڵێ ئێمە هەمووان پێویستمان بە برێك لە هاندان و ئومێد و پاداشت و تەنانەت سەرزەنشتکردنیش هەیە، بەڵام ئەمە شتێکی ترە). دەبێت پاساو بۆ کارەکانمان بدۆزینەوە، ئەو کارەی خۆمان دەیکەین نەك لە مانای خەیاڵی مێژوو —مێژوو مانا نییە— ئەمە تێڕوانینی منە،

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە ئێمە ناتوانین شتێك بکەین و دەبێت مێژووی سیاسیمان قبوڵ بێت تا بەناچاری وەك سووعبەتێکی قورس پێمان قبوڵ بێت، چونکە دەتوانین لە ڕێی تێرامانمان بۆ کێشەکانی سیاسەتی هێز، ئەو کێشانەی کە لە م ڕۆژگارەماندا هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدەین لێکبدەینەوەو دەتوانین لە ڕوانگەی ململانێمان لە پێناو کۆمەڵگایەکی کراوەو باڵادەستی عەقڵ و ڕاستی و دادپەروەری و ئازادی و یەکسانی و دواجاریش لە پێناو بەرگرتن لە جەنگ مێژووی سیاسەتی هێز ڕاڤەبکەین، ئەگەرچی مێژوو دوامەبەستیش نییە، بەڵام دەکرێت ئەو مەبەستە بەمەبەستی وی بزانین و ئەگەرچی مێژوو ماناشی نییە کەچی دەتوانین مانای پێ ببەخشین، تیۆدۆر لسنج Theodor Lessing دەربارەی مێژوو دەڵێت (مێژوو مانابەخشینە بەو شتەی مانای نییە Sinnge bung des Sinnglosen Als، هەرچەندە مەبەستیشی مانایەکی تر بووە).

ئەوەی لێرەدا ڕووبەڕووی دەبینەوە، ئەمە کێشەی سروشت و ڕێکەوتنە Konventio، نە سروشت و نە مێژووش دەتوانن ئەوەمان پێ بڵێن کە دەبێت چی بکەین –ڕووداوەکان جا چ ڕووداوی سروشتی بێت یان مێژوویی– توانای یەکلاکردنەوەی هەڵوێستەکانیان نییە یان ئەو مەبەستەمان بۆ یەکلایی بکەنەوە کە دەستنیشانی دەکەین، چونکە ئەوە ئێمەین کە مەبەست و مانای سروشت و مێژووش دیاری دەکەین، ئەگەرچی مرۆڤ یەکسان نابن وەکو دانەکانی شانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین لە پێناو هەمان مافدا بچینە ململانێوە، بۆ نموونە دەزگا مرۆییەکان، دەوڵەت وەك نموونە دەزگایەکی عەقڵانیانە نین، لەگەڵ ئەوەش ئێمە دەتوانین لە پێناو کردنیان بەدەزگایەکی عەقڵانیانە ململانێ بکەین، ئێمە هەر وەك زمانمان خاوەن سۆزین و هۆشمەندین، بەڵام دەتوانین هەوڵی ئەوە بدەین خۆمان بکەین بەمرۆڤێکی عەقڵانیترو دەتوانین خۆمان لە سەر بەکارهێنانی زمانەکەمان ڕابهێنین، نەك وەك ئامرازێکی گوزارشتکردن (وەك ئەوەی کە خاوەن بیردۆزەی پەروەردەیی دەکرێت بیڵێت)، بەڵکو وەك ئامرازێکی تێگەیشتنی عەقڵانیانە –خودی مێژوو مانا، یان ئامانجی نییە– لێرەدا مەبەستم مێژووی سیاسەتی هێزە نەك مێژووی گەشەسەندنی مرۆڤایەتی، کە بوونی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین ئامانج و مانای پێ ببەخشین، دەکرێت بیکەین بە ململانێیەك لە پێناو کۆمەڵگایەکی کراوەو دوژمنەکانی و هەر بەپێی ئەمەش دەتوانین لێکدانەوەی بۆ بکەین، دواجاریش دەکرێت هەمان شت لە سەر (مانای ژیانیش) بڵێین، کە کێشەی دەستنیشانکردنی مانای ژیان و ئامانجەکانمان لە ناخی خۆماندایە.

من دوانەی ڕووداو و دەستنیشانکردن بەدوانەی بنەڕەتی دادەنێم، ڕووداو وەك ئەوەی، ئەویش مانای نییە، دەستنیشانکردنیش لە لایەن ئێمەوە مانای پێدەبەخشێت، ڕێبازی مێژوویی هەوڵی بێبەریبوونە لە م دوانەیە، هەوڵێکە لە ترسەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە دەچێتەوە سەر ئەو تێڕوانینەی دەڵێت، ئێمە بەرپرسیاریەتی پێوەرە ئەخلاقییە دانپێدانراوەکان لە ئەستۆ دەگرین، بەڵام ئەمجۆرە هەوڵەی کە لە ترسەوە سەرچاوەی گرتووە، وام دێتە بەرچاو بە تەواوی ئەوە بێت، کە پێی دەگوترێت (باوەڕ لە خورافەدا)، چونکە ئەو گریمانەیە دەکات کە ئەوەی نەمانچاندووە ئەوە دەدوورینەوە، ئەو باوەڕەی هەوڵی ئەوە دەدات بمناخاتە ئەو باوەڕەی کە هەموو شتێك ئاسایی دەبێت و پێویستە ئاسایی بێت، ئەگەر لەگەڵ مێژوودا ڕێ بکەین، وەرگرتنی هیچ بڕیارێکی بنەڕەتیمان پێویست نابێت، هەروەها هەوڵی ئەوە دەدات وامان لێبکات دەستبەرداری بەرپرسیاریەتیمان لە مێژوو و لە و گەمەی هێزی شەیتانییەی کە بەسەرماندا پیادە دەکرێت ببین و هەوڵدەدات کردارەکانمان بونیادبنێت، یان بیانگێڕێتەوە بۆ نیازە شاراوەکانی ئەم هێزە، ئەو زانیاریانەی کە تەنها لە حەدەس و ئیلهامی سۆفیگەریدا نەبێت بۆمان دەرناکەون و خۆمان و کردارەکانمان پێکرا دەخاتە ئاستی تاکێك کە خەون و لەپ خوێندنەوە ئیلهامی پێدەبەخشن و لە یاریی یانسیبەوە ژمارەی بەختی تایبەت بەخۆی هەڵدەبژێرێت، بۆیە ڕێبازی ئەخلاقییش وەکو –یاریی یانسیب– لە گومانی ئێمەوە لە عەقڵانییەت و بەرپرسیاریەتیی کردارەکانمانەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەمە ئومێدێکی هەڵەو باوەڕێکی گەندەڵەو ئەو هەوڵی حەڵاڵکردنی ئومێدو باوەڕەی کە لە حەماسەتی ئەخلاقییمان و سووکایەتیکردن بەسەرکەوتن لە ڕێی یەقینەوە دایە زانستی ساختەی بەرهەمهێناوە، زۆر جیاوازیش نابێت ئەگەر ئەم زانستە ساختەیە لە سروشتی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتبێت، یان حەتمیەتی قەدەری مێژوو بێت.

من لە سەر ئەوە سوورم کە ڕێبازی مێژوویی نەك هەر ئاراستەیەکە بە شێوەیەکی عەقڵانیانە بەرگری لە بەرانبەر ڕەخنە ناکات، بەڵکو لەگەڵ تەواوی ئەو ئایینانە ناکۆکە کە بانگەشەی ویژدان دەکەن، چونکە پێویستە لە سەر هەموو ئایینێك تا ئەو ڕادەیە لەگەڵ تێڕوانینی عەقڵانیانەی مێژوودا بگونجێت کە ئەوە پشتڕاست بکاتەوە، ئێمە بەرپرسیاریەتیی ڕەهای کردارەکانمان و کاریگەریمان لە مێژوو هەڵدەگرین، ڕاستە ئێمە پێویستمان بە ئومێد

هەیە، چونکە بۆ ئەوەی ژیان بکەین و کار بکەین، بێ ئومێد ئەمە شتێکە لە سەرووی توانامانەوەیە، بەڵام لە مە پترمان پێ ناوێت و پێویست ناکات کە لە مە پترمان پێ بدات، یەقینمان پێویست نییە، بەتایبەتی ئایین، پێی ناوێت شوێنی خەون و بەدیهاتنی ئومێدەکان بگرێتەوە و ڕۆڵی وەرەقەی یانسیب لە و گەمەیەدا بگێڕێت و نەش ڕۆڵی کۆمپیالە ی زەمان بگێڕێت لە کۆمپانیای زامنکردندا. ڕێبازی مێژوویی لە ئاییندا توخمێکە لە توخمەکانی بتپەرستی و باوەڕهێنان بە خورافە.

ئەم پێداگرییەمان لە سەر دوانەی ڕووداو و دەستنیشانکردن، هەروەها بۆچوونمان بەرانبەر بە بیرۆکەگەلی تری وەك پێشکەوتن دیاری دەکات، چونکە کاتێك لە و باوەڕەدا بین مێژوو لە پێشکەوتندایە، ئەوا هەمان هەڵەی ئەو کەسە دەکەینەوە کە وای دەبینێت مێژوو مانای هەیە و دەبێت مانای مێژوویی تێدا بدۆزینەوە، لە بەر ئەوەی پێشکەوتن مانای جوڵەکردنە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو، ئامانجێك کە بۆ ئێمە جەوهەرێکی مرۆییە. مێژوو ناتوانێت ئەمە بکات، ئەمە تەنها ئێمە —مرۆڤ— دەتوانین ئەمە بکەین. دەتوانین ئەمە لە پرۆسەی بەرگری کردن و پشتگیریی کردنی دەزگا دیموکراتییەکاندا ئەمە بکەین، ئەو دەزگایانەی کەئازادی و پێشکەوتن پێیانەوە پابەندن. کاتێك هەست بەوە بکەین کە پێشکەوتن پشت بەخۆمان دەبەستێت، ئەوا دەتوانین ئەوە بە شێوەیەکی باشتر ئەنجام بدەین و کە زانیمان پشت بە خۆپارێزی و وریایی و هەوڵ و ماندووبوون و ئاستی ئەو ڕوونییەی کە ئامانجەکانمانی پێ تەسەور دەکەین و دواجاریش پشت بە ڕادەی واقعیەتی دیاردەکانمان دەبەستێت، ئەوکاتە دەتوانین ئەمە بەشێوەیەکی باشتر بکەین، بۆیە پێویستە ببین بە خوڵقێنەری قەدەری خۆمان، لە بری ئەوەی وەك پێغەمبەران هەڵسوکەوت بکەین، دەبێت فێربین ئەرکەکانمان بەباشترین شێوەی کە دەکرێت بەجێ بگەیەنین و فێربین، هەست بەهەڵەکانمان بکەین و هەرکات توانیمان دەستبەرداری ئەو تێروانینە بین کە مێژووی هێز بە حەکەم و دادوەر دەزانێت و ئەو پرسیاری (کە مێژوو پاساوی کارەکانمان دەکات) لە مێشکماندا نەما، ڕەنگە ئەوکاتە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە هێورکردنەوەی هێزی مێژوویی سەرکەوتووبین و ئیدی لە کۆتاییدا بتوانین بەمجۆرە پاساوی مێژووی جیهان بدەینەوە: چونکە مێژوو ئەمجۆرە پاساوەی زۆر پێویستە.

(Endnotes)

1.سێرئارسەر ئەدنگتۆن 1882-1944، زانای فەلە کی فیزیایی بەریتانی، شوێنپەنجەی دیاری هەیە لە فیزیای فەلە کیداو (پێکهاتەی ناوخۆیی ئەستێرەکان) لە بەناوبانگترین کتێبەکانییەتی، شوێنپەنجەشی هەیە لە بیردۆزەی ڕێژەییدا، چەند کتێبێکیشی نووسیوەتەوە لە و کتێبانەی کە زانست بۆ خوێنەری ئاسایی سانا دەکات.

2.سنووری باکووری ئیتالیا بوو لە سەردەمی ڕۆمانیدا ناوبانگی بەوە دەرکردبوو کە قەیسەر لێی پەڕیوەتەوە، دواتریش بەشەڕی ناوخۆیی ناوبانگی دەرکردووە، ویلایەتی گالایا و ئیتالیای لێك جیادەکردەوە.

3.Historizisten، ڕێبازێکی مێژووییە جەخت لە سەر ڕاستیی مێژوویی دەکاتەوە، بەو واتایەی کە خوداوەند خەسلە تی ڕێژەیی مێژووییە واتا لەگەڵ گەشەسەندنی مێژوودا گەشەدەکات.

4.بگەڕێوە بۆ لاپەرە 95ی کتێبە ئەسڵییەکە.

5.کارل بارس لە ساڵی 1886لە دایك بووە و لە ساڵی1968دا کۆچی دوایی کردووە، خاوەن ڕەگەز نامەی سویسرییەك بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی زانستی تیۆلۆجیای دیالێکتیکی دادەنرێت، بەیەکێك لە دیارترین ئەو ئەندامانەی کلێسای ئەڵمانی دەزانرێت کە دژایەتدی فاشیەکانیان دەکرد.

6.فەرمانڕووایەکی ڕۆمانی بوو لە ساڵی 36ز مردووە، لە ماوەی نێوان ساڵانی 26تا 36ی زاینی لە ڕۆژگاری دەسەلاتداریتدی ئیمپراتۆر تیبریاس Tberius فەرمانڕەوایەتدی شاری قودسی کرد،وەو ئەو ب،و کە فەرمانی لە خاچدانی مەسیحی دەرکرد.

**⭑لە کتێبی (الحیاة باسرها حلول لمشاکل—کارل پوپر-ترجمة د.بهاو درویش)**